ڕۆژنامەنووس دیاکۆ حوسێن لە شاری هەولێر لەلایەن هێزێکی نەناسراو ڕفێنرا

ڕۆژنامەنووس دیاکۆ حوسێن لە شاری هەولێر لەلایەن هێزێکی نەناسراو ڕفێنراو.

بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە (5ـی شوباتی 2024)، لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ ڕوماڵکردنی خۆپیشاندانی حیزبی شیوعی کوردستان لە شاری هەولێر، لە کاتژمێر 10و نیوی پێش نیوەڕۆ، لەبەردەم باڵەخانەی ئەنجومەنی وەزیران لە شاری هەولێر، دیاکۆ حوسێن پێیامنێری دەزگای ستاندەر لەلایەن هێزێکی نەناسراو دەڕفێندرێت.

دەزگای ستاندەر لەمبارەیەوە ڕایگەیاند، سەلامەتی پێیامنێرەکەمان دەخەینە ئەستۆی دەزگا ئەمنیەکانی شاری هەولێر و داوای ڕونکردنەوەی بەپەلە و ئازادیکردنی بێ مەرجی ناوبراو دەکەین.

دەزگاکە ڕاشیگەیاند، "ئێم جێرە مامەلەیە نەشیاوە لە چوارچێوەی فشارکانی دەسەڵات بەرامبەر ئازادی ڕادەربڕین، کە بەهێزدوای ڕۆژ ڕاپۆرتی خراپ لەسەر دەسەڵاتدارانی کوردستان دەردەکرێت و دەستکانی لە کەمەگەی نوودوەتی لەدەستدەدات".

شایەنی باسە، لە کاتژمێر 3ـی دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ ڕۆژنامەنووس دیاکۆ حوسێن دوای فشارێکی زۆر ئازادکرا.